بەریتانیا و رواندا ڕێککەوتنێکی نوێیان لەبارەی کۆچبەرانەوە واژووکرد



لە درێژەی هەوڵەکانی وەزیری ناوخۆی بەریتانیادا بۆ ناردنی کۆچبەران بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا ئەو وڵاتە ڕێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ رواندا واژووکرد.

جەیمس کلێڤەرلی، وەزیری ناوخۆی بەریتانیا بۆ مەبەستی تێپەڕاندنی بڕیارێکی دادگای وڵاتەکەی کە ڕەگریدەکات لە سیاسەتی حکومەتی بەریتانیا لە ناردنی کۆچبەران بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا ڕێککەوتنێکی نوێی لەگەڵ ئەو وڵاتە واژووکرد.

لە ڕێککەوتنەکەدا، رواندا پابەندکراوە بووە ئەو کۆچبەرانەی بەریتانیا بڕیاری دەنێرێت لە وڵاتەکەی بیانهەڵێتەوە و ڕەوانەی هیچ وڵاتێکی دیکەیان نەکات.